بارودۆخی جەستەیی مانگرتووان بەرەو خراپ بوون دەڕوا!

کۆمیتەی پشتگیری لە مانگرتنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد

بە پێی هەواڵانی گەیشتوو لە گرتووخانەکانی ئێوین و ورمێ، بارودۆخی جەستەیی خوێندکاران و چالاکانی سیاسی و مەدنەی کورد کە لە مانگرتن دان، بەرەو خراپ بوون دەڕوا.

ئەمرۆ دەهەمین رۆژی مانگرتنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد لە حاڵێکدا تێپەڕ دەبێ کە لە گرتووخانەی ئێوین هەواڵ دەگەیێ کە بە هۆی لاواز بوونی جەستەیی ئەم مانگرتنە، مانگرتووان تووشی بێ هۆشی بەردەوام دەبن.

لە گرتووخانەی ورمێش هەواڵی بەو جۆرە دەگات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بەرپرسانی گرتووخانەکان لەم بارەوە هیچ دژ کردەوەیەکیان پیشان نەداوە. هەروەها ژمارەیەک لە مانگرتووان گوازراونەتەوە بۆ ژووری تاکە کەسی و هەرجۆرە پێوەندی تەلەفوونی و دیدار لەگەڵ بنەماڵەکانیان پچراوە. ئەمە بۆتە هۆی دڵ نیگەرانی بنەماڵەی چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد کە لە مانگرتن دان.

بنەماڵەی گیراوانی سیاسی و مەدەنی و
ناوەندی چاک،
تۆڕی مافی مرۆڤی کورد،
کۆڕی کوردەکانی دانیشتووی فەڕانسە،
ناوەندی کولتووری و کۆمەڵایەتی ژنانی ئازەر مێهر،
ڕێکخراوەی خوێندکارانی ئازادی کوردستان (خاک)،
چالاکانی بێ لایەنی ژنان و خوێندکارانی کورد،
ناوەندی رۆژنامەوانانی کوردستانی ئێران،
کەمپەینی سەرتاسەری خوێندکارانی گیراو،
کەمپەینی ئازادی روناک سەفازادە، هانا عەبدی و زەینەب بایزیدی،
کۆمەڵەی پشتگیری لە مافی مرۆڤ و دیمۆکراسی لە ئێران،
ناوەندی پشتگیری لە گیراوانی رۆژهەڵاتی کوردستان،
ناوەندی مافی مرۆڤی کورد لە ئۆروپا،
کۆمیتەی خەبات دژ بە سانسۆر لە ئێران،
سەنتەری ژنانی کورد لە ئاڵمان- کۆڵن،
چالاکانی مەدەنی ئیلام و کرماشان لە دەرەوەی وڵات،
بزوتنەوەی دیمۆکراتیکی یارسان،
گرووپی رۆژنامەنووسانی بێ سنووری کوردستان.

چوار شەممە ١٣ ی خەرمانانی ١٣٨٧ بەرامبەر بە ٣ ی سپتامبری ٢٠٠٨